# دەسەڵات، بەها ئەخلاقییەکان و ڕۆشنبیر

گفتوگۆی مایکڵ بێس[1] لەگەڵ میشێل فوکۆ

**وەرگێڕانی: سەروان ئەحمەد**



١٧ی کانونی دووەم ٢٠٢٢   هزر

1. Micheal Bess

سێی نۆڤەمبەری ١٩٨٠

**پرسیار**: کەمێک لەمەوبەر وتت کە ئەخلاقگەرایت.

**میشێل فوکۆ**: بە یەک مانا، من یەک ئەخلاقگەرا[2]م؛ ئەخلاقگەرام، چون پێم وایە یەکێک لە ئەرکەکانی بوونی مرۆیی و یەکێک لە ماناکانی بوونی مرۆیی[3] - شتێک کە سەرچاوەی ئازادیی مرۆییە- ئەمەیە کە هەرگیز هیچ شتێک وەک پرسێکی خود-بەڵگەنەویست، کاربڕ، دەستلێنەدراو، ڕوون یا چەسپاو پەسەند نەکات. هیچ پرسێکی واقیعی نابێت ئێمە ناچار بکات کە یاسایەکی سرووشتی و نامرۆیی دابنێین. بەم جۆرە پێوەرە دەتوانین ببینین کە ئەوەی دەبێت دژی ڕاپەڕین، هەموو فۆرمەکانی دەسەڵاتە، بەڵام دەسەڵات نەک تەنها لە مانای بەرتەسکی وشەدا، واتە جۆرێک دەسەڵاتی حکوومەت یا دەسەڵاتی یەک گرووپی کۆمەڵایەتی بەسەر گرووپێکی تردا- ئەمە تەنها توخمێکە لەناو ژمارەیەک توخمی تردا. من تەواوی ئەو شتە بە «دەسەڵات» ناو دەنێم کە لەڕاستیدا دەیەوێت ئەو شتانەی کە وەک پرسی واقیعی، ڕاستەقینە و باش دەخرێنە بەردەم ئێمە، وەک شتگەلێکی چەسپاو و دەستلێنەدراو بیانهێڵێتەوە.

**پرسیار**: بەڵام ئایا نابێت شتەکان بچەسپێنین، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی کاتی بێت؟

**م. فوکۆ**: بە دڵنیاییەوە، بە دڵنیاییەوە. ئەوەی کە وتم بەم مانایە نییە کە تەنها دەبێت لە یەک ناپەیوەستەگی یا دابڕانی نەزانراودا ژیان بکەین. بەڵکە مەبەستم ئەمەیە کە دەبێت ئەمەمان لەبەرچاو بێت کە دەبێت هەموو پنتەکانی چەسپاندن و نەجووڵان وەک توخمگەلێک لە یەک تاکتیک یا لە یەک ستراتیژیدا هەژمار بکرێن- واتە وەک بەشی یەک هەوڵ بۆ گەڕاندنەوەی

---

2. moraliste/moralist

3. Human existence

جووڵەی بنەڕەتی، ئەگەری چاککردنەوە، گۆڕان و کراوەیی شتەکان. کەمێک بەر لە ئێستا بە ئێوەم وت کە سێ توخمی ئەخلاقی من بریتین لە: [یەکەم]، ڕەتکردنەوەی پەسەندکردنی ئەو شتەی کە وەک پرسی سەرەتایی یا خود-بەڵگەنەویست[٤] بۆ ئێمە پێشنیار دەکرێت؛ دووەم، زەرووورەتی شیکارکردن و زانین، چون ئێمە ناتوانین بەبێ تێڕامان و بەبێ مەعریفە[٥] هیچ شتێک ئەنجام بدەین- کەواتە، ئەمە پرەنسیپی کونجکاوی[٦]یە؛ و سێیەم، پرەنسیپی داهێنان، واتە لە هیچ بەرنامەیەکی پێشوەختە مۆدێل وەرنەگرین، و لە هەندێک لە توخمەکانی تێڕامان و لە شێوازی کارکردنماندا، بەدوای ئەو شتەدا بگەڕێین کە هەرگیز بیری لێ نەکراوەتەوە، وێنا نەکراوە، نەناسێنراوە و هتد. کەواتە: ڕەتکردنەوە، کونجکاوی، داهێنان.

**پرسیار**: وا دەردەکەوێت کە چەمکسازیی مۆدێرنی سوژە تەواوی ئەم سێ پرەنسیپەی ڕەتکردنەوە، کونجکاوی و داهێنان لەخۆ دەگرێت. بە دەربڕینێکی تر، جیاوازیی نێوان سوژە و ئۆبژە بەوردی ئەمەیە کە سوژە دەتوانێت ڕەت بکاتەوە و دابهێنێت. کەواتە ئایا لە کارەکەتدا دەتەوێت ئەم گریمانەیەی سوژە[٧] کە دەیخەیتە ژێر پرسیارەوە بچەسپێنیت؟

**م. فوکۆ**: ئەوەی کە هەوڵم دا بە ئێوەی بڵێم ئەمە بوو کە کارەکەم لە چ هەرێمێکی بەهاکاندا جێ دەکەمەوە. لە منتان پرسی ئایا یەک پووچگەرا یا نیهیلیست[٨] نیم کە ئەخلاقییات[٩] ڕەت دەکاتەوە. من دەڵێم: نەخێر! هەروەها لە منتان پرسی و ئەم پرسیارە بە تەواوەتی ڕەوایە: «ئەوەی کە ئەنجامی

---

[4]. self-evident
[5]. connaissance/knowledge
[6]. curiosity
[7]. notion of the subject
[8]. nihiliste/nihilist
[9]. la morale/the morality

دەدەیت لە ڕاستیدا بۆچی ئەنجامی دەدەیت؟» و من وەڵام دەدەمەوە: «ئەمانە بەهاکانی منن.»[١٠] پێم وایە کە تیۆریی مۆدێرنی سوژە، بە دەربڕینێک، فەلسەفەی مۆدێرنی سوژە، بە تەواوەتی دەتوانێت توانایی داهێنان و هتد بۆ سوژە دابنێت، بەڵام لە ڕاستیدا، لە ئاستی تیۆرتیکی[١١]دا ئەم توانایییە بۆ سوژە دادەنێت. کەواتە، لە ڕاستیدا، ئەم تیۆرییە ناتوانێت ئەم بەها جیاوازانە وەربگێڕێت بۆ پڕاکتیک و کردە، بەهاگەلێک کە من هەوڵ دەدەم لە کارەکەمدا، و نەک لە تیۆریی سوژەدا، کاریان لەسەر بکەم.

**پرسیار**: ئایا دەکرێت دەسەڵاتێکی کراوە بوونی هەبێت؟ یا دەسەڵات لە خۆیدا و لە جەوهەریدا سەرکوتکەرە؟

**م. فوکۆ**: پێم وایە کە نابێت پەیوەندییەکان و مۆدێلی دەسەڵات وەک یەک سیستەمی سەرکوتکەر دەرک بکرێت، واتە وەک شتێک کە لە سەرەوە دێت و هێرش دەباتە سەر تاکەکان و فلان یا فیسار شت بۆ تاکەکان قەدەغە دەکات. بە باوەڕی من، دەسەڵات یەک کۆمەڵەی پەیوەندییەکانە. پیادەکردنی دەسەڵات چییە؟ هەڵگرتنی ئەم شریتی تۆمارە و فڕێدانی بۆ سەر زەوی پیادەکردنی دەسەڵات نییە. من ئەگەری پیادەکردنی دەسەڵاتم هەیە- ئەگەری پیادەکردنی دەسەڵات لەڕووی مادییەوە، لەڕووی جەستەییەوە، لەڕووی وەرزشییەوە- من دەتوانم ئەم کارە بکەم...

**پرسیار**: تەنانەت لەڕووی ویستیشەوە، ڕەنگە تۆ ئارەزووی ئەم کارەت هەبێت؟

**م. فوکۆ**: من بەم کارە [هەڵگرتنی شریتی تۆمار و فڕێدانی بۆ سەر زەوی] دەسەڵات پیادە ناکەم؛ من نامەوێت بەم کارە دەسەڵات پیادە بکەم. بەڵام لە

---

١٠. «ئەمە ئەو بەهایانەن کە پێشنیاریان دەکەم.»

11. theoretical level

بەرامبەردا، ئەگەر ئەم شریتە هەڵدەگرم و دەیخەمە سەر زەوی بۆ ئەوەی کە ئێوە وەڕز بکەم، یا بۆ ئەوەی کە ئێوە نەتوانن ئەو شتە دووبارە بکەنەوە کە وتوومە، یا بۆ ئەوەی کە گوشار بخەمە سەر ئێوە کە بەم شێوازە یا بەو شێوازە ڕەفتار بکەن، و ببمە ڕێگری شێوازی ڕەفتار و کردار و پەرچەکردارتان، یا بۆ ئەوەی کە ئێوە بتۆقێنم، واتە کاتێک کە هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی ژمارەیەک کەرەستەوە کاریگەریی بخەمە سەر ڕەفتارتان یا کردە بەسەر ڕەفتارتاندا بسەپێنم، ئەو کاتە پیادەکردنی دەسەڵات ئەنجام دەدەم. بە دەربڕینێک، دەسەڵات بریتییە لە یەک پەیوەندیی لەنێوان دوو کەسدا؛ ئەم پەیوەندییە لە جۆری پەیوەندیگرتن[١٢] نییە، تەنانەت ئەگەر ناچار بن سوود لە کەرەستەکانی پەیوەندیگرتن وەربگرن. ئەمە وەک ئەو شتە نییە کە بە ئێوە بڵێم: «ئاو و هەوا خۆشە.» یا بە ئێوە بڵێم «من لە فلان ڕۆژدا لەدایک بووم.» من یەک دەسەڵات بەسەر ئێوەدا پیادە دەکەم، من کردە بەسەر ڕەفتاری ئێوەدا دەسەپێنم و کاریگەری دەخەمە سەر ڕەفتارتان، یا هەوڵ دەدەم کاریگەری دابنێم لەسەر ڕەفتارتان. و دەمەوێت ڕەفتاری ئێوە ڕێنمایی بکەم و بەڕێوە ببەم. سادەترین کەرەستە بۆ ئەم کارە، بە دڵنیاییەوە، ئەمەیە کە دەستتان بگرم و ناچارتان بکەم بۆ ئێرە یا بۆ ئەوێ بڕۆن. دەتوانم بڵێم کە ئەم جۆرە کارە بە جۆرێک لە جۆرەکان پلەی سفری دەسەڵات؛ و فۆرمی سنوورداری [دەسەڵاتە]. و لە ڕاستیدا، لە هەمان ئەم ساتەدایە کە دەسەڵات لە دەسەڵات دەکەوێت و تەنها دەگۆڕێت بۆ ستەم و گوشاری جەستەیی. لە لایەکی ترەوە، کاتێک کە سوود لە تەمەنم وەردەگرم، لە پێگەی کۆمەڵایەتیم، لە مەعریفەکانم کە دەتوانم دەربارەی فلان یا فیسار شت هەمبێت، بۆ ئەوەی

---

[12]. communication

که ئێوە بە شێوەیەک ڕێنمایی بکەم- واتە کاتێک کە ئێوە ناچار بە هیچ شتێک نەکەم و بە تەواوەتی ئازاد بتانهێڵمەوە- کەواتە لە هەمان ئەم ساتەدایە کە دەست بە پیادەکردنی دەسەڵات دەکەم. ڕوونە کە دەسەڵات وەک یەک توندوتیژیی ناچارکەر پێناسە ناکرێت کە تاکەکان سەرکوت دەکات، تاکەکان ناچار دەکات کە شتێک بکەن و لە هەمان کاتدا دەبێتە ڕێگری ئەوەی کە شتێکی تر نەکەن؛ بەڵکە کاتێک دەتوانین دەسەڵات پێناسە بکەین کە یەک پەیوەندیی لەنێوان دوو سوژەی ئازاددا بوونی هەیە، و لەم پەیوەندییەدا ناهاوسەنگییەک هەیە بە ئەندازەیەک کە یەکێک دەتوانێت کاریگەری بخاتە سەر ئەوی تر، و ئەوی تر کاریگەری بخاتە سەر یەکەم، یا ئەوی تر ڕێگە بە خۆی بدات کە «کاریگەری» پەسەند بکات. کەواتە، بەپێی ئەم بنەمایە... بیرم نایەت دەستپێکی پرسیارەکە چی بوو. ئاهـ بەڵێ، ئایا دەسەڵات هەمیشە سەرکوتکەرە؟ نەخێر، دەسەڵات هەمیشە سەرکوتکەر نییە. بەڵام دەتوانین ژمارەیەک فۆرم ی دەسەڵات] لەبەرچاو بگرین؛ و لەگەڵ ئەمەشدا، شتێکی ڕەخساوە کە پەیوەندییەکانی دەسەڵات بوونیان هەبێت کە کراوە بن.

**پرسیار:** واتە هاوتەراز؟

**م. فوکۆ:** هەرگیز هاوتەرازی بوونی نییە، چون لەو ساتەوە کە دەسەڵاتێک بوونی هەیە، ناهاوتەرازی هەیە[١٣]. بەڵام دەتوانن سیستەمی دوولایەنە یا قلّپکراوە[١٤]ی دەسەڵاتتان هەبێت. بۆ نموونە، ئەو شتە لەبەرچاو بگرن کە لە یەک پەیوەندیی ئیرۆتیکی[١٥]دا ڕوو دەدات- قسە لەسەر پەیوەندیی عاشقانە[١٦] ناکەم؛ و تەنها دەربارەی پەیوەندیی ئیرۆتیکی دەدوێم. ئێوە باش دەزانن کە

١٣. [هەرگیز هاوسەنگی بوونی نییە، چون پەیوەندیی دەسەڵات یەک ناهاوسەنگییە].

14. réversible/reversible

15. Erotic relationship

16. Love relationship

ئەم پەیوەندییە یەک گەمەی دەسەڵاتە، و لەم گەمەیەدا توانای جەستەیی یا هێزی جەستەیی بەپێی پێویست گرنگترین توخم نییە. با یەکێک لە بەرامبەر ئەوی تردا لەبەرچاو بگرین، ئەمە ڕێگەیەکی دیاریکراوی کاریگەریدانان لەسەر ڕەفتاری ئەوی تر و دیاریکردنی ئەم ڕەفتارەیە، تەنانەت ئەگەر ئەوی تر بەوردی ئەم ڕێگەیە بەکار بخات تا دواتر دروست بەپێچەوانەوە[١٧] ڕەفتاری ئێوە دیاری بکات. وەک دەبینن، لێرەدا فۆرمی دەسەڵاتی تەواو ناوچەیی و ئەڵبەتە قڵپکراوە- [مەبەستم[١٨]] دەسەڵاتی سنووردار- بوونی هەیە. بەڵام پەیوەندییەکانی دەسەڵات بە خودی خود فۆرمەکانی سەرکوتکردن نییە. بەڵکە ئەو شتەی کە ڕوو دەدات ئەمەیە کە لە کۆمەڵگەکاندا، لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا و ڕەنگە لە [هەموو] کۆمەڵگەکاندا، کۆمەڵێک ڕێکخراو بوونیان هەیە کە دادەمەزرێنرێن بۆ ئەوەی کە پەیوەندییەکانی دەسەڵات بچەسپێنن یا چەقبەستوو بکەن، [بۆ ئەوەی کە] پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە یەک دۆخی ناهاوکاتیی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، دامەزراوەیی و هتددا بە سوودی ژمارەیەک کەسی دیاریکراو بپارێزن؛ و ئەمە بە تەواوەتی چەقبەستووبوونی دۆخی لێ دەکەوێتەوە. و ئەمە بە شێوەیەکی گشتی هەمان ئەو شتەیە کە لە مانای وردی وشەدا ناوی دەنێم «دەسەڵات». لە ڕاستیدا، ئەمە یەک جۆری تایبەتی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی بەدامەزراوەییکراو، چەسپێنراو و نەجووڵاوە، بە سوودی ژمارەیەک کەس و بە زیانی ئەوانی تر.

---

[١٧]. لێرەدا فوکۆ وشەی vis-à-vis بەکار دەهێنێت کە بە مانای قڵپکراوە، بەراوەژووکراو و پێچەوانەکراو دێت؛ ئەو دەیەوێت بڵێت لە پەیوەندیی ئیرۆتیکیدا دەسەڵاتی چەسپاو و هاوسەنگ بوونی نییە، بەڵکە پەیوەندیی قڵپکراوە و دوولایەنە هەیە. واتە، هەر دوو لایەنەکە دەتوانن دەسەڵات بەسەر یەکتریدا پیادە بکەن یا شێوازی ڕەفتاری یەکتری دیاری بکەن.

[١٨]. بە گومانەوە؛ چەند وشەیەکی نادیار.

**پرسیار**: و بەڵام هەردووکیان قوربانیی ئەم پەیوەندییانەن؟

**م. فوکۆ**: ئاهـ بە هیچ شێوەیەک!! ئەگەر بەو کەسانە بڵێین قوربانی کە دەسەڵات پیادە دەکەن، ئەوا ئەم وتەیە لە ڕادەبەدەر ڕووکەشە. ئەڵبەتە ڕوو دەدات کە ئەم کەسانە لە ڕاستیدا دەکەونە داوەوە، داوی پیادەکردنی دەسەڵات. بەڵام وەک ئەوانی تر زۆر قوربانی نین. حەز دەکەیت بۆ خۆت هەوڵ بدە... ئەوکات دەیبینیت (پێکەنین).

**پرسیار**: مارکسیستەکان چۆن دەتوانن ڕەخنەی تۆ بکەن؟ تۆ، بە دڵنیاییەوە، ئۆرتۆدۆکس نیت، بەڵام وا دەردەکەوێت لەگەڵ بابەتی مارکسیستەکاندا لە یەک هێڵدا جێ دەگریت.

**م. فوکۆ**: لە یەک هێڵدا جێ دەگرم؟ نازانم. من نازانم مارکسیزم چییە. لە ڕاستیدا پێم وانییە کە ئەم جۆرە شتە بوونی هەبێت، وەک شتێکی دەرهەست، نە لە خۆیدا و نە بۆ خۆی. لە ڕاستیدا بەدبەختیی-یا خۆشبەختیی- مارکس ئەمە بووە کە دۆکترینەکەی هەمیشە لەلایەن ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە بەلاڕێدا براوە. و لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم دۆکترینە تاکە تیۆریی مێژوویی و بە لایەنی کەمەوە فەلسەفییە کە بەردەوامییەکەی بە درێژایی یەک سەدەی دوایی هەمیشە گرێ دراوە بە بوونی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی-سیاسییە ئێجگار بەهێز و ئێجگار جەنگخوازەکانەوە- تەنانەت گرێ دراوە بە دەزگاکانی دەوڵەت[19]ـەوە لە یەکێتیی سۆڤییەت. بەم شێوەیە، کاتێک کە کەسێک لەگەڵ مندا دەربارەی مارکسیزم قسە دەکات، من دەڵێم: کام مارکسیزم؟ مارکسیزمێک کە لە کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیادا وەک وانە دەیڵێنەوە، یا مارکسیزم-لینینیزم[20]؟ ئایا مەبەست لەو پیرە چەمکە ناڕوون، دووڕەگ و

---

[19]. apparatus of state

[20]. Marxism-leninism

شێوازانەیە کە کەسێکی وەک جۆرج مارشە[21] بەکاریان دەهێنێت؟ یا مەبەست لە پرەنسیپی ئەو دۆکترینەیە کە بۆ هەندێک لە مێژوونووسە ئینگلیزییەکان وەک پنتی گەڕانەوە بەکار دەخرێت؟ دواجار، پێت دەڵێم کە من بۆ خۆم نازانم مارکسیزم چییە. هەوڵ دەدەم لەگەڵ ئۆبژەکانی شیکارکردنم دەستوپەنجە نەرم بکەم، و کاتێک کە چەمکێک لە فیکری مارکس یا لە فیکری مارکسیستێکدا بوونی هەیە، چەمکێک کە وا دەردەکەوێت گونجاو و بەسوودە، من ئەم چەمکە بەکار دەهێنم. بەڵام ئەمە بە تەواوەتی بۆ من هەموو شتێکە. و من هەرگیز نەمویستووە و هەمیشە ئەمەم ڕەت کردووەتەوە کە هاودەقبوون یا ناهاودەقبوون لەگەڵ مارکسیزم وەک پێوەرێکی جیاواز دابنرێت بۆ پەسەندکردن یا ڕەتکردنەوەی ئەو شتەی کە دەیڵێم. هەرگیز بۆم گرنگ نییە، هەرگیز. هەروەها کاتێک کە مارکسیستەکان ژمارەیەک شتی دیاریکراو ڕەت دەکەنەوە، شتگەلێک کە من بە تەواوەتی ئەو شتانە دەناسم چون ئەم شتانەم لای مارکس دۆزیوەتەوە [...[22]]، کاتێک کە مارکسیستەکان دەربارەی چەند خاڵێک ڕەخنە لە من دەگرن کە من بەوردی زۆرترین نزیکیم لەگەڵ ئەو شتەدا هەیە کە مارکس وتوویەتی، دەکەومە پێکەنین، جارێکی تر باوەڕ بەوە دەکەم کە دەبێت مارکسیستەکان لە ڕیزی یەکەمی ئەو کەسانەدا جێ بکەینەوە کە مارکس ناناسن. هەر ئەمە و بەس. بە تایبەت خەباتگێڕە تەواوعەیارە سیاسییەکان، بە دڵنیاییەوە، هەرگیز بە شێوەیەکی شەرافەتمەندانە، ڕاستگۆیانە، باوەڕپێکراو و درووست ئەو شتە پێشکەش ناکەن کە هەرگیز نەگوتراوە، ئەمانە شتگەلێک دەخەنە پاڵم کە هەرگیز

---

[21]. Georges Marchais

[22]. چەند وشەیەکی نادیار.

نەموتووە و کۆمەڵێک زیادەڕەوی دەکەن و هتد، نازانم بۆچی دەبێت من بچمە نێو ئەم مشتومڕانەوە.

**پرسیار**: ئایا پێت وایە کە یەک ئایدیای سیستەمەکانی دەسەڵات هەیە کە بۆ بەڕێوەبردن[٢٣] یا حوکمڕانی و ڕێکخستنی مرۆڤەکان فۆرمی سەرکوتکەری دەسەڵات نەبێت؟

**م. فوکۆ**: دەزانن پێشکەشکردنی پرۆگرامێک بۆ دەسەڵات تەنها دەشێت سێ فۆرمی هەبێت. لە لایەکەوە: چۆن دەتوانرێت بە باشترین فۆرمی ڕەخساو، واتە کاراترین فۆرمی ڕەخساو، دەسەڵات پیادە بکرێت، و ئەمە واتە بەگشتی چۆن دەتوانرێت پیادەکردنی دەسەڵات بەهێز و ڕەگداکوتراو بکرێت؟ لە لایەکی ترەوە، یەک دۆخی پێچەوانە: چۆن دەتوانرێت دەسەڵات قڵپ بکرێتەوە، دەتوانرێت هێرش بکرێتە سەر چ پنتێک تاوەکوو فلان یا فیسار پەیوەندییە چەسپاوەکانی دەسەڵات بخرێنە ژێر پرسیارەوە؟ و سێیەم، یەک دۆخی نێوانی: چۆن دەتوانرێت پەیوەندییەکانی دەسەڵات بە کەمترین خەساری شیاو سنووردار بکرێن، بە شێوەیەک کە ئەم پەیوەندییانە لە کۆمەڵگەدا پێک بهێنرێن و پاشان دابخرێن؟

باشە، دۆخی یەکەم- پێشکەشکردنی پرۆگرامێک بۆ پیادەکردنی باشتری دەسەڵات- بۆ من سەرنجڕاکێش نییە. دووەمین دۆخ بە سەرنجڕاکێش دەکەوێتە بەرچاوم، بەڵام دەبێت لە بنچینەدا بەپێی ئامانجەکانی، واتە بەپێی ململانێ بەرهەستەکان کە دەبێت سەرپێ بخرێن لەبەرچاو بگیرێت. و ئەمە بەوردی پێویستی بەوەیە کە تیۆرییەکی لەپێشتر[٢٤]دروست نەکەین. دەربارەی دۆخی نێوانی- هەلومەرجە پەسەندکراوەکانی دەسەڵات کامەیە؟ من دەڵێم

[23]. governance
[24]. priori theory

ئەم هەلومەرجە پەسەندکراوانەی پیادەکردنی دەسەلات ناتوانرێت وەک یەک پرسی لەپێشتر پێناسە بکرێت؛ ئەم هەلومەرجانە جگە لە ئەنجامی پەیوەندییەکانی هێز لە یەک کۆمەلگەدا هیچ نین. و لە هەندێک دۆخدا، ڕوو دەدات کە ناهاوسەنگییەکی دیاریکراو لە پەیوەندییەکانی دەسەلاتدا لەلایەن قوربانییەکانییەوە بەرگە دەگیرێت، واتە کەسانێک کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە ناهەموارترین دۆخدا ژیان بەسەر دەبەن. ئەوکات دەلێین ئەم دۆخە هەمان دۆخی پەسەندکراوە! پاشان زۆر خێرا، و لە ڕاستیدا هەمیشە هەندێک جار پاش چەند مانگێک و لەوانەیە هەندێکدار پاش چەند سالێک یا چەند سەدەیەک، تێدەگەین کە خەلکی بەرەنگاری دەکەن، و ئەم سنوورە نێوانییە ئیتر کار ناکات. بەم پێیە، نابێت ڕێکارنامە و یەک فۆرمیولەی کاربڕ بۆ پیادەکردنی دلخوازی دەسەلات پێشکەش بکەین.

**پرسیار**: مەبەستت ئەمەیە کە شتێک لە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکاندا دەبێتە چەقبەستوو و پاش ماوەیەک دەبێتە شتێکی بەرگەنەگیراو[٢٥]؟

**م. فوکۆ**: بەلێ، و سەرەنجام هەندێک جار دەستبەجێ دەبێتە ئەم جۆرە شتە. دەسەلات و پەیوەندییەکانی دەسەلات، بەو جۆرەی کە لە کۆمەلگەیەکی دیاریکراودا بوونیان هەیە، تەنها چەسپاندنی پەیوەندییەکانی هێزە. و هیچ هۆکارێک بوونی نییە کە بتوانرێت و دەبێت ئەم چەسپاندنەی پەیوەندییەکانی هێز وەک تیۆرییەکی ئایدیالی پەیوەندییەکانی دەسەلات لە کۆمەلگەیەکی دیاریکراودا فۆرمیولە بکەین. بە یەک مانا من نە یەک بونیادگەرام نە یەک زماناس نە چی و چی، لەگەل ئەمەشدا، ئەمە برێک وەک ئەوەیە کە یەک ڕێزماناس بلێت: «باشە، زمان دەبێت بەم چەشنە بێت، زمانی ئینگلیزی یا

---

[25]. intolerable

فەڕەنسی دەبێت بەم چەشنە قسەی پێ بکرێت.» بەڵام نەخێر! دەتوانرێت بگوترێت کە لە ساتێکی دیاریکراودا، چۆن بە یەک زمان قسە دەکەین، چ شتێک دەرککراو[٢٦]ـە و چ شتێک پەسەندنەکراو و دەرکنەکراو[٢٧]ـە. و بەتایبەت ئەمە هەموو ئەو شتەیە کە دەتوانم دەربارەی زمان بیڵێم. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم وتەیە بەو مانایە نییە کە ئەم جۆرە کارکردنە لەسەر زمان ڕێگە بە هیچ داهێنانێک نادات.

**پرسیار**: قسەکردن لە چێوەیەکی ئەرێنیدا ڕەت دەکەیتەوە، مەگەر ئەوەی کە بۆ ساتی ئێستا بێت.

**م. فوکۆ**: کاتێک کە دەسەڵاتمان وەک کۆمەڵەیەکی پەیوەندییەکان دەرک کرد، واتە وەک یەک کۆمەڵەی پەیوەندییەکان کە پەیوەندییەکانی هێزە، ئیتر ناتوانین پێناسەیەکی پرۆگرام ئاسای دۆخی خوازراوی هێزەکان پێشکەش بکەین؛ یا تەنها لە حاڵەتێکدا دەتوانین ئەم کارە بکەین کە بڵێین: «ئارەزوو دەکەم کە، بۆ نموونە، نەژادی سپی و ئاریایی و پاکدەسەڵات بە دەستەوە بگرێت و [دەسەڵات] پیادە بکات.» یا بڵێین: «دەمەوێت پرۆلیتاریا دەسەڵات پیادە بکات و دەمەوێت دەسەڵات بە شێوەیەکی کامڵ پیادە بکات [...[28]].» کەواتە، لەم ساتە بەدواوە ئەمە یەک دراوە: پرۆگرامێک بۆ پێکهێنانی دەسەڵات.

**پرسیار**: ئایا ئەمە ڕەهەندی ناوەکی و جەوهەریی بوون[٢٩]ی مرۆڤەکانە کە ڕێکخستنیان یەک فۆرمی سەرکوتکارانەی دەسەڵاتی لێ دەکەوێتەوە؟

---

26. comprehensible

27. uncomprehensible

28. چەند وشەیەکی نادیار.

29. existence

**م. فوکۆ**: بەڵێ؛ بە دڵنیاییەوە. لەو ساتەوە کە تاکەکان خۆیان لە سیستەمی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا دەبیننەوە، ئەوەندەی کە دەتوانن کاریگەری بخەنە سەر یەکتر یا کردە بەسەر یەکتردا بسەپێنن ورەفتاری ئەوانی تر ڕێنمایی بکەن، ئیتر ڕەفتاری ئەوانی تر بە تەواوەتی ئازاد نییە. لە ئاکامدا، بەپێی دەستپێکەکانی لێبوردن[٣٠]، بەپێی کۆمەڵەیەکی کامڵی گۆڕاوەکان، ئەم جۆرە دۆخە کەم تا زۆر پەسەندکراوە، کەم تا زۆر ڕەتکراوەیە، بەڵام هەرگیز بە تەواوەتی پەسەند ناکرێت. و هەمیشە کۆمەڵێک نافەرمانی یا سەرکێشی[٣١] بوونی هەیە، هەمیشە مرۆڤگەلێک هەن کە نایانەوێت پەسەند بکەن، هەمیشە پنتگەلێک هەیە کە مرۆڤەکان تێیدا شۆڕش دەکەن و بەرەنگاری دەکەن.

**پرسیار**: ئایا نابێت ویستی ئاگایانە و ویستی نائاگایانە[٣٢] لە یەکتر جیا بکەینەوە؟ دەتوانم بڕیار بدەم کە گوێڕایەڵی لە دەسەڵاتێک بکەم و پەسەندی بکەم: لەم حاڵەتەدا دەتوانین قسە لەسەر باڵادەستی بکەین؟ هەروەها دەتوانم بە خۆم بڵێم: «تەنانەت ئەگەر ئەم جۆرە بڕیارەت نەدا، ئەم بڕیارە بۆ تۆ باشە، و تۆ لە ڕاستیدا، دەتەوێت ئەم بڕیارە بدەیت و من ئەمە دەزانم.» لە چ حاڵەتێکدا دەتوانین قسە لەسەر باڵادەستی بکەین؟

**م. فوکۆ**: باشە، نازانم یەک ویستی نائاگا چییە. سوژەی ویست ئەو شتەی دەەوێت کە دەیەوێت، و لەو ساتەوە کە ئەم دووپارچەییە دەبەیتە ناو سوژەوە کە: «تۆ نازانیت کە چ شتێکت دەوێت؛ و من بە تۆ دەڵێم کە چ شتێکت دەوێت»، ڕوونە کە ئەمە یەکێکە لە ڕێگە بنەڕەتییەکانی پیادەکردنی دەسەڵات.

---

30. tolerance
31. recalcitrant
32. conscious and unconscious will

**پرسیار**: بەڵام لە حاڵەتێکدا کە تاکەکان ئەوە پەسەند بکەن کە دەسەڵاتێک بەسەر ئەواندا پیادە دەکرێت، ئایا دەتوانین قسە لەسەر باڵادەستی بکەین؟

**م. فوکۆ**: باشە بەڵێ، ئێوە پەسەندی دەکەن کە لەژێر باڵادەستیدا بن، هەر ئەمە و بەس.

**پرسیار**: بەڵام بۆ تاکەکان ئەمە یەک باڵادەستی نییە؟

**م. فوکۆ**: بۆچی، ئەوان ئەوە قەبووڵ دەکەن کە بەڕێوە ببردرێن یا حوکمڕانیان بەسەردا بکرێت، قەبووڵی دەکەن کە ڕێنمایی بکرێن.

**پرسیار**: پرسیارێکی بەرهەست: بۆ گرفتی ئەنجامدانی تاوان چ ڕێگەچارەیەک پێشنیار دەکەیت؟ یا نموونەیەکی جیاوازتر کە پرۆفیسۆر درایفۆس بۆ منی هێنایەوە: درایفۆس بە منی وت کە منداڵەکەی ویستوویەتی لەسەر دیوار بنووسێت. و بە باوەڕی تۆ، ڕێگریکردن لەم کارە کردەیەکی سەرکوتکارانەیە. ئایا دەبێت ڕێگەی بدەین یا دەبێت بڵێین «ئیتر بەسە!»؟

**م. فوکۆ**: نەخێر، من دەربارەی ئەمەی کە منداڵەکەی ویستوویەتی لەسەر دیوار بنووسێت بە پرۆفیسۆر درایفۆسم نەوت کە ڕێگریکردن لەم کارە سەرکوتکردنە [...] لەبەر ئەوەی کە من هاوسەرگیریم نەکردووە یا باوکی خێزان نیم، خۆم بەدوور دەگرم لە وتنی ئەم جۆرە شتانە. ئەگەر ئەو ئایدیایەی دەسەڵاتم خوڵقاندووە کە زۆربەی کات دەیخەنە پاڵ من، ئەم ئایدیایەی کە دەسەڵات شتێکی تۆقێنەر و سەرکوتکەرە، و بە کورتی، شتێکی تۆقێنەر و ترسناکە کە کارکردەکەی سەرکوتکردنی تاکە، ڕوونە کە ڕێگریکردن لە منداڵ بەوەی کە شتێک لەسەر دیوار بنووسێت جۆرێک ستەمی بەرگەنەگیراو[٣٣] بێت. بەڵام ئەمە ئەو شتە نییە کە من دەیڵێم. من دەڵێم کە

[33]. unbearable tyranny

دەسەڵات یەک پەیوەندییە؛ پەیوەندییەک کە لە ڕێگەیەوە ڕەفتاری ئەوانی تر ڕێنمایی دەکەین. و هیچ هۆکارێک بوونی نییە کە ئەم ڕێنماییە، [واتە] شێوازی ڕێنماییکردنی ڕەفتاری ئەوانی تر، دواجار کۆمەڵێک کاریگەریی ئەرێنی، بەهادار و سەرنجڕاکێشی نەبێت. ئەگەر منداڵێکم هەبووایە، بەڵێنم بە ئێوە دەدا کە لەسەر دیوار نەنووسێت- ئەگەر ئەم کارەی بکردایە، بە پێچەوانەی ویستی من دەبوو.

**پرسیار**: شتێکی گرفتسازە... کەواتە دەبێت هەمیشە توێژینەوە بکەین، هەمیشە پرسیار بکەین.

**م. فوکۆ**: بەڵێ، بەڵێ! بە تەواوەتی بەم جۆرەیە کە تۆ دەیڵێیت: پیادەکردنی دەسەڵات هەرگیز شتێکی ڕوون و بەڵگەنەویست نییە. بەم جۆرە نییە کە لەبەر ئەوەی کە ئێوە باوکن مافتان هەیە کە لە منداڵەکەتان بدەن. بە دەربڕینێک، کاتێک کە کاریگەری دەخەنە سەر ڕەفتاری منداڵەکەتان- تەنانەت زۆربەی کات بە تەمبێ نەکردنی منداڵەکەتان کە ئەمەش یەک شێوازی کاریگەریدانانە لەسەر ڕەفتاری ئەو- ئێوە دەچنە ناو سیستەمێکی پەیوەندییە زۆر ئاڵۆزەکانەوە کە لە ڕاستیدا پێویستی بە تێڕامانی لەکۆتابەدەرە. و کاتێک کە ئەو سەرنج و وردبینییە لەبەرچاو دەگرین کە لە توێژینەوەی سیستەمە نیشانەناسییەکان[٣٤]ی کۆمەڵگەکەمان بەکاری دەهێنین تا ببینین کە بەها دەلالەتگەرەکان[٣٥] دەربارەی ژمارەیەک پرس چییە، دەتوانین بڵێین کە لێرەدا سیستەمەکانی پیادەکردنی دەسەڵاتمان تا ڕادەیەک پشتگوێ خستووە، چون ڕەنگە سەرنجی پێویستمان لە پاشهاتە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵێک ڕایەڵ و یەکبەدوایەکهاتن نەدابێت کە بەپێی ئەم بنەمایە بەرهەم دەهێنرێن.

---

[34]. Semiotic systems

[35]. Signifying value/valeur signifiante

**پرسیار**: بابەتی تۆ بە بەردەوامی لە تیۆرسازی[٣٦] هەڵدێت؛ و بابەت شتێکە کە دەبێت لە هەر ساتێکدا سەرلەنوێ بینای بکەینەوە.

**م. فوکۆ**: بەڵێ، بابەت شتێکە کە لە هەر ساتێکدا دەبێت دووبارە و دووبارە بینای بکەینەوە. بابەت یەک کرداری تیۆرتیکی[٣٧]یە؛ بابەتیەک ڕێگەی تیۆرسازیی کردارە نەک یەک تیۆری. پێم وایە کاتێک کە بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندییەکانی دەسەڵات شیکار دەکەین، کە هەنووکە هەوڵ دەدەم ئەم جۆرە کارە بکەم، ئەوەی کە دەیڵێم لێکدژی نییە.

**پرسیار**: بابەتی تۆ زۆر جیاوازە لەو شتەی کە وێنام دەکرد...

**م. فوکۆ**: هەندێک جار، لەبەر ئەوەی کە بابەتەکەم بە ئەندازەی پێویست ڕوون نییە، خەڵکی لە من یەک جۆر ئەنارشیستی ڕادیکاڵ دروست دەکەن کە جۆرێک نەفرەتی ڕەها و چی و چی لە دەسەڵات هەیە. نەخێر! من هەوڵ دەدەم هەڵسەنگێنراوترین و بیرلێکراوەترین ڕێکاری ڕەخساو دەربارەی ئەم دیاردە لە ڕادەبەدەر گرنگ و دژوارە لە کۆمەڵگەدا بەکار بهێنم، واتە دیاردەی پیادەکردنی دەسەڵات؛ هەڵسەنگێنراو لە ڕوانگەی شیکارکردنەوە، واتە لە ڕاستیدا، لە ڕوانگەی پێشگریمانە[٣٨] ڕەخساوەکانەوە، پێشگریمانەگەلێک کە لە هەمان کاتدا تیۆرتیکی و ئەخلاقی[٣٩]ن: [دەبێت بزانین کە[40]] گرفت چییە. بەڵام توێژینەوە، خوێندنەوە و بە پرسیارکردنی پەیوەندییەکانی دەسەڵات بە زۆرترین وەسوەسە و بە زۆرترین وردبینیی ڕەخساوەوە، و لە هەر پانتاییەکدا کە تێیدا کە ئەم پەیوەندییانەی دەسەڵات پیادە دەکرێن، بە مانای

---

36. theorization
37. theoretical practice
38. postulate
39. moral

40. بە گومانەوە؛ چەند وشەیەکی نەبیستراو.

پێکهێنانی جۆرێک ئوستوورەناسیی دەسەڵات[٤١] نییە، بە مانای پێکهێنانی بۆ نموونە کتێبی موکاشەفە[٤٢] نییە.

**پرسیار**: ئایا لە کاری تۆدا تێگەگەلێکی ئەرێنی هەن دەربارەی ئەمەی کە چەمکی چاکە چییە؟ لە کرداردا، چ توخمگەلێکی ئەخلاقی لە کاری تۆدا هەیە بۆ ڕێنماییکردنی ڕەفتاری ئەوانی تر؟یا بە کورتی، ئەو پرەنسیپانە چین کە کردەی تۆ بە ئاڕاستەی ئەوانی تر ڕێنوێنی دەکات؟

**م. فوکۆ**: پێشتر بە ئێوەم وت: ڕەتکردنەوە، کونجکاوی و داهێنان.

**پرسیار**: ئایا ئەمانە هەموویان نەرێنی نین؟

**م. فوکۆ**: بەڵام ئێوە باش دەزانن کە تاکە ئەخلاق[٤٣]ێک کە مرۆڤ بتوانێت دەربارەی پیادەکردنی دەسەڵات هەیبێت، ئازادیی ئەوانی ترە. کەواتە،من ئەوانی تر ناچار ناکەم، و بە ئەوانیتر ناڵێم: «بەم شێوازە عیشق ببەخشن! یا منداڵتان هەبێت! کار بکەن!»

**پرسیار**: دانی پێدا دەنێم کە بەبێ ئاڕاستە وەرگرتن، خۆم کەمێک سەرلێشێواو دەبینم، چون دەروازەگەلێکی زۆر یا کۆمەڵێکی کراوەیی بوونیان هەیە...

**م. فوکۆ**: بەڵام گوێ بگرن، گوێ بگرن... چەندە دژوارە! من یەک پەیامبەر نیم؛ من یەک بەرنامەڕێژ یا پرۆگرامساز نیم؛ من نامەوێت بە خەڵکی بڵێم کە پێویستە چ کارێک بکەن؛ و بڕیار نییە بە خەڵکی بڵێم: «ئەمە چاکە بۆ ئێوە؛ ئەمە خراپە بۆ ئێوە!» من هەوڵ دەدەم یەک دۆخی واقیعی شیکار بکەم کە دەشێت خاوەنی چەندین گرێی جۆراوجۆر بێت یا دۆخێک لە هەموو ئاڵۆزییەکانیدا، و کارکرد و ئەرکی ئەم شیکارکردنە ڕەخساندنی هەم

---

[41]. mythology of power

[42]. apocalypse

[43]. ethics

ڕەتکردنەوە هەم کونجکاوی هەم داهێنانە. کەواتە [...]. پێویست ناکات کە من بە خەڵکی بڵێم: «فڵانە شت بۆ ئێوە باشە.»

**پرسیار**: و دەربارەی ژیانی کەسیی خۆت چی؟

**م. فوکۆ**: ئەم کاری شیکارکردنە سەرنج لە هیچ کەسێک نادات. لەگەڵ ئەمەشدا، پێم وایە کە لە چەقی ئەم کارەدا یەک بەدتێگەیشتن دەربارەی کارکردی فەلسەفە، کارکردی ڕۆشنبیر و کارکردی مەعریفە بوونی هەیە: وەک بڵێی کە یا لە ئەستۆی فەلسەفەدایە یا ڕۆشنبیر یا مەعریفەت بە شێوەیەکی گشتی کە بە ئێمە بڵێت چ شتێک چاکە. نەخێر، نەخێر، نەخێر! بەم جۆرە نییە. ئەمە ڕۆڵی فەلسەفە، ڕۆشنبیر و مەعریفە نییە. فەلسەفە و ڕۆشنبیر و مەعریفە تەنها زیاد لە ئەندازە حەزیان لە گێڕانی ئەم ڕۆڵەیە. دوو هەزار ساڵە ئەمانە پێمان دەڵێن کە چ شتێک چاکە، لەگەڵ پاشهاتگەلێکی کارەساتباردا کە ئەم وتانە لەگەڵ خۆیاندا دەیهێنن. کەواتە، ئاگادارن کە یەک گەمە بوونی هەیە کە ترسناکە، یەک داو کە ڕۆشنبیران [...[44]] حەزیان لەوەیە کە بڵێن چ شتێک چاکە، و خەڵکی تەنها خوازیاری یەک شتن، ئەمەی کە بە ئەوان بگوترێت چ شتێک چاکە، نەک ئەمەی کە پێیان بگوترێت دەست بکەن بە هاوار کردن: «چەندە خراپە!» باشە، با ئیتر ئەم گەمەیە بگۆڕین! و با بیر بکەینەوە کە ئیتر بڕیار نییە ڕۆشنبیران بڵێن کە چ شتێک چاکە. ئەم کارە لە ئەستۆی خودی خەڵکییە کە بە بەکارهێنانی داوەرییەکانیان لە ئاست شیکارییە پێشنیارکراوەکان دەربارەی واقیعییەتەکان، کار بکەن یا بە چەشنێکی خودبزواو ڕەفتار بکەن، بە شێوەیەک کە خودی خۆیان ئەو شتە پێناسە بکەن کە بۆ ئەوان باشە. [...]

---

[44]. چەند وشەیەکی نادیار.

چاکە چییە؟ شتێکە کە دادەهێنرێت. چاکە لە ئاسمانێکی سەرمەدی و دەرەکاتدا بوونی نییە، لەگەڵ کەسانێک کە وەک بڵێی بەختزانانی چاکەن و دەتوانن بڵێن کە بەخت و بەختەوەری کامەیە. چاکە پێناسە دەکرێت، چاکە بەکار دەخرێت، چاکە دادەهێنرێت. بەڵام ئەمە کارێکە نەک تەنها لە ئەستۆی یەک کەس، [بەڵکە] کارێکە دەستەجەمعی. ئێستا ڕوونترە؟